www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەوان لەئێمەن و ئێمەش لەئەوانین ... بەناز کوێستانی

هێرش کردن و نەکردنی هێزە سەربازیەکانی تورکیا بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان، گەورەترین و گەرماو گەرمترین هەواڵی رۆژە کەهەرکەسەو بۆی بلوێ بەجۆرێك قسەی لەسەر دەکات و بەپێی بۆچوونی شەخسی خۆی یان حزبەکەی راکانی دەردەبرێت و هەر کەسە لەلای خۆیەوە هەوڵ دەدات بەپێی بەرژەوەندی خۆی کێشەکە بەلای خۆیدا رابکێشێت. لەهەمووی گرنگتر دەرکەوتنی هەوڵوێستی وڵاتانی چواردەوری عیراق و ناو عیراق خۆشی و سەرۆکەکانی عیراق و، رای گشتی سیاسی نێو دەوڵەتییە بەرامبەر بەو کێشەیە، هەر لەم میانەشدا وەك تاکێکی کورد، کەهەست بەئازارو ئەشکەنجەی کوردانی تورکیا دەکەین و هاوسۆزو هاو زمان و هاوخاك و هاوخەباتین، بۆیە زۆربەی کات ئەو ووتانە راماندەچڵەکێنێت کەلەرێگەی میدیاکانەوە گوێبیستی دەبین. جەنەرالێکی ئەمەریکی دەڵێت: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا ئێمە وەك ئەمەریکا شەر ناکەین بەڵکو کوردەکان بەرگری دەکەن، کەئەمە خۆی لەخۆیدا شەرعیەت بەخشینە بەهێزی کوردی و بەحکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆی هەیە پاریزگاری لەخاك و سەروەری خۆی بکات.

لەلایەکی ترەوە خاتوو رایس: بەتورکیا رادەگەیەنێت کەپێش ئەوەی هێرش بکات پێویستە چەند رۆژێك بووەستێت و بیری لێ بکاتەوە، ئەمەش بێگومان جۆرە هەرەشەیەکی تری ئەمریکایە لەتورکیا.

لەم لاشەوە بەشار ئەسەد: پشتیوانی خۆی بۆ تورکیا دەردەبرێت، ئێرانیش پشتیوانی لێ دەکات و سنورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپ باران دەکات و بارەگاکانی پەکەکە دەسوتێنێت.

لەهەموو ئەو وتارانەش ناخۆشتر کەگوێمان لێ بووە، وتەکەی مالیکییە: کەدەڵێت پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستیەو ئێمە بەرگری لێ ناکەین و تورکیا هەقی خۆیەتی لەدژیان بجەنگێت. دوا هەڵوێستیش کەگوێم لێبوو، لەکۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، کەدەڵێت: تورکیا هەقی خۆیەتی سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و پەکەکە راوەدوونێت و، هەروەها دەڵێت: ئێمە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیمان بەکوردەکانەوە نییە، باش وڵاتێکی وەك ئیسرائیل کەتائێستا بەکەمایەتی حسابی بۆ دەکرێت و نەیتوانیووە خاك و وڵاتی خۆی بەتەوەتی ئارام بکاتەوە هەمیشە شەڕو ئاژاوەی تیادایە و بەجۆرە تاقیکردنەوەدا رەت بووە، کەچی ئێستا نکوڵی لەداکۆکیردن لەگەلی کورد بکات. ئەمانە هەمووی لەلایەك، دەپرسین باشە تورکیا بۆچی ئاگربری پەکەکەی رەت کردەوە، بەش بۆ ئەوەی حسابیان بۆ نەکات و بڵێت نیین، باشە ئەگەر پەکەکە نییە و حسابی ئاگربریان بۆ ناکات، بۆچی تەنگەتاو بووە هێرش دەکاتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و چەند کیلۆمەترێك سنور دەبەزێنێت.

باشە بۆچی ئەم هەرەشەو گورەشانەی تورکیا هاوکاتە لەگەڵ دانیشتنی پەرلەمان و دانان بەوەی کە قەتل و عامکردنی ئەرمەنەکان جینۆسایدە، ئەمەی تەنها بۆ ساردکردنەوەی لەباربردنی ئەو بریارەیە.

لەلایەکی ترەوە داواکردنی چەند کەسایەتیەکی سیاسی کوردی کوردستانی باشور، چی پەیوەندیەکی بەپەکەکەوە هەیە، ئەگەر ئەمەشیان قۆستنەوەی هەلێکی تر نییە، بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کەپەیوەندیان بەجێبەجێکردنی مادەی 140 و گەرانەوەی کەرکوکەوە هەیە بۆژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کەسەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر زیرەکانەو لێهاتوانەو بەپێی نەخشەی دیبلۆماسی کار لەسەر ئەم کێشەیە بکەن، شتێك بکەن کەلەقازانجی ئێمەو پەکەکەشدا بێت، چونکە ئەوان لەئێمەن و ئێمەش لەئەوانین، جەماوەری کوردستانیش هەمووی پشتیوانی پەکەکەیەو دژی تورکیایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.